حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر

# کوردناسی گشتی

# قۆناغی یەکەم

## يەكەم / جوگرافيا

### بەشی يەكەم : دەروازەيەك بۆ كوردستان

### 1-زاراوەی كوردستان

زاراوەی كوردســتان لــە بنەڕەتــدا لــە دوو مــۆرفيم پێكهــاتووە: (كــورد+ ســتان) (كــورد) كــە مەبەســت لێــی نەتــەوەی كــوردە و واتــای ( ئــازا ) دەدات (ســتان)يــش پاشــگرێكە لــە هەنــدێ زمانــە هينــدۆ ئــەو روپييەكانــدا بــە واتــای وڵات يــان نيشــتمان دێــت. كەواتــە كوردســتان بــە واتــای وڵاتــی كــوردان يــان ئــەو خاكــەی كــە نەتــەوەی كوردی لەسەر دەژيت دێت .

### 2- شوێن (پێگەی جوگرافی)

كوردســتان دەكەوێتــە باشــووری ڕۆژئــاوای كيشــوەری ئاســيا . كوردســتان خــاوەنی ســنورێكی سياســی ديــاريكراو و دان پيــانراو نييــە، بــەڵكو بەشــێكە لــە خــاكی دەوڵــەتانی توركيــا ، ئێــران ، عێــراق ، ســوريا .لــە لايــەن ئــەم چــوار دەوڵەتــەوە ، نــە دان بــە بــوونی خــاكی كوردســتاندا دەنــێن و نــە بــڕواش بــەو ســنوورانە دەكــەن، بــەڵكو كوردستان بە بەشێك لە خاك و نەتەوەی كورديش بە بەشێك لە نەتەوەكانی خۆيان دادەنێن.

### 3- شوێنی ئەسترۆنۆمی

مەبەســت لــە شــوێنی ئەســترۆنۆمی بريتيــە لــە شــوێنی دەوڵــەت بــە پێــی هێڵــەكانی درێــژی و بازنــەكانی پــانی ، هــەرێمی كوردســتانی عيراقــيش كەوتۆتــە نێــوان هــەردوو بازنــەی پــانی( 33- 37,22 ) بــاكور و هــەردوو هێڵی درێژی(41,08 - 46,18 ) لە ڕۆژهەڵات .

### 4- سنوور و ڕووبەرو شێوە

ســنووری كوردســتان لــە بــاكورەوە لــە گــەڵ ئازەربايجــان و ئــەرمينيا و توركيايــە ، لــە ڕۆژهــەڵات ئێــران و ، لــە ڕۆژئاواشــەوە عــيراق و ســورياية و بەشــی باشوريشــی لــە گــەڵ ئێــران و كەنــداوی عــەرەبی. ڕووبــەری گشــتی كوردســتانی گــەورە نزيكــەی (536000) كــم2، بەســەر چــوار وڵاتــی توركيــا و عــيراق و ئێــران و ســوريا دابەش بووە ، هەروەها شێوەيەكی پتەو و ڕێكی هەيە .

**بەشی دووەم / تایبەتمەندی سروشتی کوردستان**

## 1-بەرزوو نزمی (تۆبۆگرافیا)

**تۆپۆگرافیـــای کوردســـتان ، لـــە ڕووی بـــەرزیی و نزمییـــەوە لـــە ناوچـــەیەکەوە بـــۆ ناوچـــەیەکی تـــر جیـــاوازی هەیـە ، ناوچـەکانی باکوورو ڕۆژهـەلأت بـە چیای بـەرز داپۆشـراون کـە بـەرزایی هەنـد ێکیـان لـە چـوار هـەزار مـەتر زیـاتر دەبـێ . لـە نێـوان ئـەو چیایانەش هەنـدێ دەشـتایی تـەخت هـەن ، بـەلأم ناوچـەکانی باشـوور و ڕۆژئاوا نزمن و چیایان کەمەو بە زۆری لە دەشتایی پێکهاتوون و گردیش لێرەو لە وێ بە دیار دەکەون .**

**بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بلێین تۆپۆگرافیای کوردستان لە سێ بەش پێکهاتووە ئەوانیش بریتین لە**

## 1-چیاکان

**زیاترلە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لە چیا پێکهاتووە ، بە زۆری لە شێوە زنجیرە چیا دەبینرێن ، ژمارە چیاکانیش بە تەواوی دیار نیە بە پێی هەندی سەرچاوە ژمارەی چیاکان (122) ە ، و هەندێکی تریش ئەم ژمارەیە بەرز دەکاتەوە و دەڵێت (220) چیایە. لە گرنگترین زنجیرە چیاکان زنجیرە چیای (زاگرۆس)ە**

## 2- گرد و تەپۆڵکەکان

**گردەکـانی کوردسـتان بـە زۆری لـە زنجیرەیـەکی خـوارو خێچـی چـەماوە پێـك هـاتووە. زۆر بـەرز نـین بـەلأم ئەگـەر لـە نزیـك چـیاکان نەبوونایـە ئـەوا هـەر یەکـەیان بـۆ خۆیـان چـیایەك دەبـوون، ئـەم گردانـە سـوودیان زۆرە ، بـۆ چـاندنی دانەوێڵـە و لـەوەڕێکی باشیشـە بـۆ ئاژەڵـدارەکان ، لـە گـرنگترین گـردو تەپۆڵکـەکانی کوردستان ( بایەزید ، بەرزنجە ، پشدەر،چوارتا، پێنجوێن...هتد).**

## 3- دەشتەکان

**دەشـــتەکانی کوردســـتانیش بەشـــێکی دیکـــەی گرنگـــی خـــاکی کوردســـتان پێکـــدەهێنن، ئـــەو دەشـــتانە پـــان و بـــەرین و تـــەختن ، ڕووبـــەرەکانیان لـــە یەکێکـــەوە بـــۆ یـــەکێکی تـــر دەگۆڕێـــت ، بـــەلأم بـــە هـــەموویان 15٪ ی ڕووبـەری خـاکی کوردسـتان دادەپۆشـن ، گرنگترینیـان : شـارەزوور، هـەولێر ، سـندی ، مـەریوان ، کەنـدێناوە ، شەنگال ،قەراج ، ماردین ، ئورفە ....هتد.**

## 2-ئاوو هەوای کوردستان

**ا-پلەی گەرمی :**

پلەی گەرمی کوردستان لە نێوان هەوایەکی بیابانی گەرم و هەوای ساردی دەریای ناوەڕاستدایە ، لە گەڵ ئەوەشدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازی هەیە ، چونکە ئەو هۆکارانەی کار لە سەر ئاو و هەوای ناوچەکان دەکەن ، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە یەك جیاوازە ، ئەوەتا تا بەرەو باکوری کوردستان بچین پلەی گەرمی ڕوو لە نزمبوونەوە دەبێت ، بە پێچەوانەوە تا بەرەو باشوور بێینەوە پلەی گەرمی ڕوو لە بەرزبوونەوە دەبێت .

جیاوازی پلەی گەرمی لە ناوچەکانی باکوورو باشووری کوردستان جیاوازییەکی زۆرە ، بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما لە شارەکانی باکوری کوردستان زۆر ڕوو لە نزمبوونەوەیە ، زۆر بۆ ژێر سفر دادەبەزێت ، لە هەندێ ناوچە دەگاتە (30یان 35) پلە بۆ ژێر سفر . لە ناوچەکانی باشووری کوردستانیش لە هاویندا پلەی گەرمی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە بۆ نموونە لە هەولێرو کەرکوك دەگاتە نێوان ( 40 و 45 و 50 ) پلە . بەوەش جیاوازی پلەی گەرمی نێوان ناوچەکانی کوردستان لە دوورترین خاڵی باکوور لە زستان و دوورترین خاڵی باشوور لە هاویندا دەگاتە نێوان ( 80 یان 85 پلە ) کە ئەوەش جیاوازییەکی گەورەیە .

**ب- بارانی کوردستان :**

هەرچی بارانیشە لە ناوچە شاخاوییەکاندا تا بەرەو باکوور بەرز بینەوە زیاتر دەبارێت و بەفری ئەستورتر دەکەوێت ، کە لە هەندێ ناوچەدا ئەو بەفرانە تا وەرزی هاوینیش دەمێننەوە ، بەلاَم لە ناوچە دەشتاییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا تا بەرەو خوارو بێینەوە باران کەم دەبێتەوە ، بەفریش زۆر بەکەمی دەنا نابارێت ، ئەگەریش باری بەزوویی دەتوێتەوەو زۆر خۆی ناگرێت .

**3-دەرامەتە ئاوییەکان**

کوردستان ئەگەرچی نەکەوتبێتە سەر یەك لە دەریا یا ئۆقیانووسە گەورەکان ، کە لە ڕێی ئەوانەوە دەروازەیەکی نوێ و گرینگی بۆ مسۆگەر بێت ، بۆ پەیوەندیکردن بە ولاَتانی دنیا ، بەلاَم لە ناوەخۆدا سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە ، ئەو ئاوەی لە چەندین ڕووبارو دەریاچەوە خۆی دەنوێنێت . تەنانەت بە سەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی ئاوی ولاَتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیاش دەژمێردرێت ، چونکە ڕووبارو

زێیـــەکانی کوردســـتان دەڕژێنـــە دەریـــا گـــەورەکانی وەکـــو کەنـــداوی عـــەرەبی و ئەســـکەندەروونە و زەریـــای خەزەر و ڕەش و دەریاچەکانی وان و ورمێ و ئەوانی ترەوە ..

## گرنگترین ڕووبارو دەریاچەکانی کوردستان بریتین لە :

### یەکەم : ڕووبارەکان :-

لەخاکی کوردستاندا چوار ڕووباری گەورە سەرچاوە دەگرن ، کە بریتین لە:

### 1- ڕووباری ئاراس

لە ناوچەی ( بینگۆل ) لە تورکیا سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین.

### 2- ڕووباری دیجلە

لـــە بـــاکوری شـــاری (دیـــار بـــەکر) ەوە لـــە دەریاچـــەی (گوولجـــوك ) ەوە سەرچـــاوە دەگرێـــت ، بـــە خـــاکی کوردســـاندا تێپـــەر دەبێـــت و دواتـــر بـــە زەوییـــەکانی عێراقـــدا بـــەرەو خـــوار تێدەپـــەڕێت تـــا لـــە نزیـــك شـــاری ( بەسرا ) لە گەڵ ڕووباری ( فوڕات) تێکەڵ بە یەك دەبنەوەو ( کەنداوی عەڕەب ) پێکدەهێنن .

### 3- ڕووباری فورات

بـــە درێـــژترین ڕووبـــاری کوردســـتان دادەنرێـــت و لـــە دوو سەرچـــاوە پێکـــدێت ، یـــەکێکیان (فـــرات صـــو) ، سەرچـــاوەکەی تـــریش (مـــراد صـــو) ئـــەم دوو لقـــەش لـــە بـــاکووری ( ئـــالازیغ) دەگەنـــە یـــەکو ڕووبـــاری فـــورات پێکدەهێنن.

### 4 - ڕووباری ڤیزیل ئۆزۆن

ئـــەم ڕووبـــارە لـــە ڕۆژئـــاوای شـــاری (دیوانـــدەرە) ی ڕۆژهـــەڵاتی کوردســـتان ، سەرچـــاوە دەگرێـــت و لـــە باشـــووری شاری (ڕەشت) دەڕژێتە دەریای قەزوین.

### دووەم: زێیەکان:-

زێ لە ڕووبار بچووکترە ، کوردستان لە چەند زێیەکی گرنگ پێك دێت ، لەوانە:

**1- زێی گەورە**

**لقــی هــەرە گــەورەی ڕووبــاری دیجلەیــەو لــە بــاکووری کوردســتانەوە سەرچــاوە دەگرێــت بــەرەو باشــووری کوردســتان درێــژ دەبێتــەوە ، تــاکو دەگاتــە ئاوبەنــدی بێخمــە ، لەوێــدا بــەرەو باشــووری ڕۆژئــاوا دەڕوات ، تــاکو لە باشووری شاری موسڵ ، دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلە .**

**2- زێی بچووک**

**بــە درێــژترین لقــی ڕووبــاری دیجلــە دەژمێردرێــت، لــە ڕۆژئــاوای شــاری مهابــاد سەرچــاوە دەگرێــت و لــە ســنووری قــەڵادزێوە دەپەڕێتــە کوردســتانی عێــراق و دەڕژێتــە ئاوبەنــدی دۆکــان ، لەوێشــەوە بــەرەو پــردێ دێـت ، لـە ئەنجامـدا لـە گـەڵ زێـی گـەورەدا دەڕژێتـە ڕووبـاری دیجلـە.**

3- **زێیەکانی بەتلیس و بۆتان** لە باکووری کوردستان.

4- **زێی سیروان** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو باشووری کوردستان درێژدەبێتەوە.

**سێیەم : دەریاچەکان:-**

**لە کوردستان چەند دەریاچەیەکی گرنگ هەن لەوانە:**

1- **دەریاچەی وان:** **گەورەترین دەریاچەیە لە کوردستاندا ، دەکەوێتە باکووری کوردستان ، ئاوەکەی زۆر سوێرە بۆیە هیچ زیندەوەرێکی تیا ناژیت .**

2- **دەریاچەی ورمێ:** **دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .**

3-**دەریاچەی گوولجوک : دەکەوێتە باکووری شاری دیاربەکر ، بەرزاییەکەی** 1155 **م لەئاستی دەریاوە.**

4- **دەریاچــەی زرێبــار (زریــوار) : دەکەوێتــە ناوچــەی ســنە نزیــك شارۆچــکەی مــەریوان لــە ڕۆژهــەڵاتی کوردستان .**

# بەشى دووەم / زمان

## زمان و گرنگى زمان

زمان گرینگترین و سەرەكیترین تایبەتییە كە مرۆڤ لە زیندەوەرەكانى تر جیادەكاتەوە ، زمان ئەو هۆیەیە كە رۆژانە بە هەزاران كەس پەیوەندى لە گەڵ یەكتردا دەكەن بە بێ ئەوەى بیر لە چۆنیەتى كاركردنى ئەو كەرەسەیە بكەنەوە ، هیچ گومانى تیا نییە كە كردەى سەرەكى زمان دەربرینە لە هەست و سۆزو گەیاندنى بیرە لە قسەكەرەوە بۆ گوێگر ، زمان رۆڵێكى گرینگ لە ژیانى مرۆڤ دەگێرێ و بەردى بناغەى كۆمەڵە . لە مێژەوە سەرنجى زمانەوان و فەیلەسوف و دەروونناس و .....هتد راكێشاوە ، بەلاّم لە روانگەیەكى فراوانەوە لە زمانیان كۆڵیوەتەوە بۆیە هەر شارەزایەك لە چوار چێوەى بابەتەكەى خۆى پێناسەى كردووە ئەمەش وایكردووە چەند پێناسەیەك بۆ زمان بێتە كایەوە لە وانە :-

(جۆمسكى) دەڵێت : (( زمان كۆمەڵە رستەیەكە ، رێزمان دەریان دەكات )).

(مارتنێت) دەڵێت: (( زمان هۆیەكە بۆ لەیەكتر گەیشتن، لە چەند دانەیەكى بچووك پەیدا دەبێت، ئەو دانانەش خاوەن واتاى خۆیانن )).

(هنرى سویت) دەڵێت: (( زمان هۆیەكە بۆ دەربرینى بیر لە رێگاى دەنگ كە لە وشە پێك دێت )).

كەواتە لەژێر رۆشنایى ئەم پێناسانەى سەرەوەدا دەكرێ بگووترێ ((زمان گرنگترین ئامێرى پەیوەندى و لە یەكتر گەیشتنى مرۆڤە)).

### جۆرەكانى زمان

**ا- زمانى قسەكردن**

لە سەرەتاى پەیدابوونى ئادەمیزادەوە هەیە دواى ئەوەى ئادەمیزاد پەرەى بە ئەندامەكانى ئاخاوتن داوە بۆ مەبەستى دروستكردنى دەنگ و دەربرینى بیرو را زمانى قسەكردن هاتۆتە كایەوە .

**ب- زمانى نووسین**

دوای دروست بوونی پیت هاتۆته ئاراوه و بۆ پاراستنی بیری ئادەمیزاد بەکار هێنراوه ، کەرەسەی زمانی قسەکردن هەوایەو بۆماوەیەکی کورت دەمێنێتەوه ، بەلآم زمانی نووسین کەرەسەی پیت و کاغەزه و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێنێتەوه . کەواته : نووسین بریتییه له هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمار کردنی قسه .

نووسین و قسەکردن دووشێوەی زمانن ، بەلآم زمانەوانەکان قسەکردن بە بنچینەی زمان دادەنێن ، چونکه پێش نووسین بە ماوەیەکی زۆر هەر هەبووه ، هەر وەك هیمبوڵت دەڵێت :( مرۆڤ و زمان پێکەوه له دایك بوونه ). جگه لەوەش هەندێ زمان هەیه تاکو ئێستاش شێوەی نووسینیان نییه .

**ج-زمانی جەسته:**

بریتییه له نیشانەکانی جەستەو ڕوخسارو ئەندامەکان ، بۆ تەعبیر کردن لەو بیرۆکەیەی له مێشکماندا هەیه . زمانی جەسته هەموو بەشە جیاوازەکانی جەسته دەگرێتەوه کە هەڵگری پەیام و مەبەست و واتایەك بن ، هەرجوڵەو دەرکەوتنێکیش بە پێی بارو دۆخ و کلتور و ڕەگەزو کات و شوێن واتاکەی دەگۆڕێت . ڕەگەزه سەرەکییەکانی جەستەش بریتین لە (مەودای دورو نزیکی کەسەکان لە یەکترییەوه ، شێوازی دانیشتن و بە پێوه وەستان ، دەربڕینی دەموو چاو و ڕووخسار ، ئاماژەی پەنجەو دەست و باڵ.....هتد .

## 2- تایبەتییەکانی زمان

زمان چەند تایبەتمەندییەکی هەیه کە هەندێکیان لای زمانی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر دەبینرێت و هەندێکی تر تەنها تایبەتن به مرۆڤ.

**1-زمان هێمایه (ڕەمزه)**

کە دەڵێین دەنگەکانی زمان (ڕەمزن) مەبەستمان ئەوەیه کە ئەم دەنگانە شتێ دەنوێنن کە خۆیان نین و پەیوەندی نێوان شتەکه و ئەو دەنگەی کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لە خۆوەیه.

**2-زمان تایبەتە بەمرۆڤ:**

هەر لەکۆنەوه باوەڕ وابوو کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تر جیادەکاتەوه ، چونکه تەنیا مرۆڤ بەهرەو توانای قسەکردنی تێدایە. بیگومان ئاژەڵ و گیاندارەکانی تریش جۆره پەیرەویکیان هەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن هەرچەندە زۆر سادەش بێت ، بەلآم ئەم پەیرەوه لەچالاکیدا زۆر لەزمان کەمترە و

ڕێگەی گیانداران نادات لە ڕابردوو و دوارۆژیان بکۆڵنەوەو درۆبکەن و یان شت لە زمانی تر وەربگرن . لەبەر ئەم هۆیانە پێرەوەکانیان ناچێتە ڕیزی زمان .

**3-زمان دەنگە :**

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە زمان پێویستی بە قەناتی دەم و گوێ واتا بەلای کەمەوە دەبێت قسەکەرێك و گوێگرێکمان هەبێت . لە لایەکی تریشەوە زمان دەنگە ،چونکە لە بنەڕتدا درکاندن لە پێش نووسین بووە .

**4- زمان داهێنانە :**

سروشتی بەکار هێنانی زمان ، بەکار هێنانێکی نوێکردنەوەیە ، بە واتایەکی تر ئەوەی کە زۆر جاران مرۆڤ دەریدەبڕێت ، زۆربەیان دەربڕاوی تازەن ، هەروەك جۆمسکی دەڵێت:لە توانای مرۆڤ دایە ژمارەیەکی بێسنوور رستە دابهێنێ بێ ئەوەی گوێ ی لێ بووبێت ، بۆیە دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی زمان سەربەستەو دوورە لە هەموو کۆت و پێوەندێك.

**5- زمان ڕەفتارە**

مرۆڤ دەتوانێ ڕاستییەکان بشێوێنێ و درۆ بکات وەك لادانە واتاییەکان لە زمانی شیعر و رۆمان و ئەفسانە ..هتد.

**6- زمان سیستەمە**

مرۆڤ ئەگەر دەورو بەری لە باری بۆ برەخسێت ئەوا دەتوانێ فێری چەند زمانێك ببێت .لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەروات هەروەها دەتوانێ زمانێك بگۆڕێتە سەر زمانێکی تری وەك کوردی بۆ عەرەبی یا فارسی ئینگلیزی ..هتد.

## 3– خێزانە زمانییەکان

**زمانەوانان ، زمانەکانی جیهان بەسەر چوار خێزانە زمان دابەش دەکەن:**

**یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ – ئەورووپی:**

بەگرینگترین بنەماڵە دادەندرێت ، چونکە قسەپێکەری لەهەموو بنەماڵەکانی تر زۆرترە، واتا لە کۆمەڵێکی گەورە

پێکدێت، کەلە ڕەگەزو بنچینەدا نزیکن لەیەکترەوە و ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا تا ئەوپەڕی کەناری ڕۆژئاوای ئەوروپا. ئەم بەشە زمانانە دەگرێتەوە:

**أ- کۆمەڵی ڕۆژهەلاّتی** : بەهیندۆ – ئاری ناسراوە ، زمانەکانی میتانی و سانسکریتی و مادد و ئەخمینی دەگرێتەوە ، کە ئەویش بەسەر دوو لق دابەشدەکرێت:-

1- کۆمەڵی هیندی: لە زمانەکانی (هیندی ،بنجانی ، کۆجراتی ، بەنگالی ،بەهاراتی ، ئاسامی) پێکدێت.

2- کۆمەڵی ئێرانی: لە زمانەکانی (فارسی کۆن ، فارسی نویٚ ،کوردی ، ئەفغانی ، بەلوجی ،تاجیکی) پێکدێت

کەواتە زمانی کوردی ، زمانێکی سەربەخۆ و زیندووی سەربە کۆمەڵەی ئێرانییە ، زمانە ئێرانییەکانیش بەشێکە لە کۆمەڵەی هیندۆ ئەوروپی.

**ب- کۆمەڵی ڕۆژئاوایی: ئەم کۆمەڵەیە پێکدێت لە:**

1- زمانە جەرمەنییەکان : ( ئەڵمانی ، ئینگلیزی ، هۆڵە ندی،دانیمارکی،زمانە ئەسکەندەنافییەکان)

2- زمانە سلاڤییەکان :( ڕووسی ، پۆڵەندی ، چیکی ، سلۆڤاکی ، یۆگسلاڤی).

3- زمانی لاتینیەکان : (ئیتالی ، فەرەنسی ، ئیسپانی ، پورتوگالی ).

4- زمانی یۆنانی : ( ئەرمەنی ، ئەلبانی).

5- زمانی کەلتی : (ئێرلەندی).

**دووەم: خێزانە زمانی سامی – حامی:**

ئەم خێزانە زمانە لە نیشتمانی عەرەب و باکووری ئەفریقیا و بەشێك لە ڕۆژهەلاّتەکەی بەکاردەهێنرێت . ئەم کۆمەڵەیەش لە دوو بەش پێکدێت:

**أ- خێزانە زمانی سامی : بریتییە لە**

1. **زمانی سامی باکوور**: زمانی ئەکەدی ، بابلی ، ئاشوری ، کەنعانی ، عیبری و فینیقی.

2. **زمانی سامی باشوور**: زمانی عەرەبی ، یەمەنی کۆن ، زمانە حەبەشییە سامییەکان.

**ب- خێزانە زمانی حامی : بریتییە لە:**

1. زمانی میسرییەکان : میسری کۆن (زمانی قبتی).

2. زمانی لیبی یا بەربەری: زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفریقیا وەکو: لیبیا ، تونس ، جەزائر ، مەغریب دەگرێتەوە.

3. زمانە کۆشیتییەکان: زمانی دانیشتوانە بنەرەتییەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایە.

**سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی**

ئەم خێزانە بەو جۆرە زمانە دەگوترێت ، کە قسەپێکەرانی دەکەوێتە نێوان شاخەکانی ئۆراڵ و ئالتایەوە لە باکووری تورکستانەوە دەستپێدەکات .

ئەم خێزانە دوو کۆمەڵە دەگرێتەوە:

1- ئۆراڵی : فنلندی ، ئەستونی ، مەجەری دەگرێتەوە.

2- ئەلتیکی : تورکی ، مەگۆلی ، تەنوکوسی ، مەنانشۆ دەگرێتەوە.

## چوارەم :خێزانە زمانی چینی – تبتی

ئەم خێزانە زمانە ، زمانەکانی (چینی ، تایلەندی ، بورمایی ، تیبتی) دەگرێتەوە .

## مێژووی زمانی کوردی و قۆناغەکانی

زمانی کوردی لە ڕووی مێژووەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لەوانە:

### 1ـ قۆناغی زمانی کۆن:

(7پ.ز) تاکو(550پ.ز) سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا و کۆتایی دەوڵەتی هەخامەنشی، بەڵگەی نووسراو (ئاڤێستا)یە، کە بە شێوەی کۆنی کوردی نووسراوەتەوە و ژمارەی پیتەکانی (60) پیتە، بریتییە لە سروود(گاتا)ی ئایینی زەردەشتی، کە لەلایەن زەردەشت خۆیەوە گوتراوە و بریتییە لە (21) سروودی ئایینی.

### 2ـ قۆناغی زمانی ناوەند:

(300ی پ.ز) لە دەستپێکردنی ئەشکانییەکانەوە دەستپێدەکات، کە وڵاتەکەیان خۆراسانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە، ئەم قۆناغە دوو بەشە، بەشی یەکەم (پەهلەوی ئەشکانی)یە، لەساڵی (300پ.ز ـــ 226 پ.ز)، کۆنترین بەڵگەی نووسراویان ئاڤێستایە، کە لەسەر پێستی

ئاسک نووسراوەتەوە، لە چیاکانی هەورامان دۆزراوەتەوە، بەشی دووەم (پەهلەوی ساسانی)یەکانە لە ساڵی (227 پ.ز) دەستپێدەکات، تا هاتنی ئایینی ئیسلام سەدەی (7ی زایینی)، بە فەرمانی ئەردەشێر جارێکی تر ئاڤێستا نووسراوەتەوە و کراوە بە ئایینی ڕسمی دەوڵەت.

**3ـ قۆناغی کوردی شێوەزارە:**

ئەم سەردەمە دوای ڕووخانی ساسانییەکان دوای دوو سەدە لە سستی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان، واتە سەدەی حەوتەم و هەشتەم تەنها زمانی ئاخاوتن بوونە و زمانی نووسین و ئەدەبیات بە عەرەبی بووە، ئەم زمانانە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام کورد و ئێرانییەکان لە سەدەی نۆیەمی زایینی بەهۆی زیندووبوونەوەی گیانی نەتەوایەتی گەڕاونەتەوە سەر زمانی نەتەوایەتی، فیردەوسی لە سەدەی نۆیەم داستانی (شانامە) دەنووسێتەوە، بەڵگەی نووسراوی کوردیش چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانییە، کە بە لوڕی نووسراوەتەوە لەگەڵ هەورامی، کە لە بنەڕەتدا پەهلەوی ئەشکانییە، لێرەوە قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی دەستپێدەکات.

**4ـ قۆناغی زمانی نوێ:**

لای هەندێک بە سەرەتای سەدەی بیستەم دادەنرێت، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە 1898/4/22 وەکو ڕووداوێکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بۆ مێژووی نەتەوەی کورد و بۆ زمانەکەی دەستپێدەکات، پاشان بە بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە، قۆناغێکی تری زمانی کوردی دەستی پێکرد.

## 5– زارەکانی زمانی کوردی و شوێنی جوگرافی

مەبەست لە زار بەو جیاوازییانە دەوترێت ، کە لە نێوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیە ، وەك جیاوازیی ڕێزمان و لایەنی پێکهاتەی وشە و چۆنیەتی دەربڕین . هەروەك دەزانین ئاخاوتنی مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر جیاوازە، بەم پێیە ئاخاوتنی شارێك لە شارێکی تر و دێیەك لە دێیەکی تر و ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر جیاوازە ، ئەگەر جیاوازییەکەش زۆربوو دەبێتە زار . بەم شێوەیە ئاخاوتنی هەریەك لە ناوچەی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك ،...هتد دەوترێت شێوەزارو بەهەموو ئەمانەش دەوترێت زار ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی کرمانجی سەروو.

**جۆرەکانی زار :**

**1- زارە کۆمەڵایەتییەکان :**

ئـەم جـۆرە زارە پەیوەنـدی بـە ئاسـتی ڕۆشـنبیری و خوێنـدن و لایـەنی نەتەوەییـەوە هەیـە ، واتـا بـەگوێرەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری کەسێك لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی لە نێوان ئاخاوتنیان دەبێت.

**2- زارە پیشەییەکان**

هـەر پیشـەیەك خـاوەنی شـێوازی ئاخـاوتنی خۆیـەتی ، کەبـە هۆیـەوە لەگـەڵ ئاخـاوتنی پیشـەکانی تـر جیادەکرێنـەوە بۆنموونـە :( پزیشـك ، ئەنـدازیار ، مامۆسـتا ،کرێکـار ، فیتەر...هتـد.) هـەر یەکـەیان کۆمـەڵێ وشـەو زاراوە بـەکاردەهێنن کەتایبەتـە بـە ئاخـاوتنی خۆیانـەوە ، ئەگـەر پیشـەی مامۆسـتا بـە نموونـە وەرگـرین دەبیـنین دەیـەها وشـە بەرچـاومان دەکـەوێت و بـەکاردێت ، کەجیایـە لەگـەڵ پیشـەکانی تـر وەك : ( تەباشیر ، ڕەحلە ، ماجیك ...هتد)

**3- زارە ناوچەییەکان :**

هـەر ناوچـەیەك لەگـەڵ ناوچـەیەکی تـر شـێوازی ئاخـاوتنی جیایـە بـەجۆرێك هەنـدێ وشـەو زاراوە لـە نـاو چەیەکی دیاریکراو بەکاردێ بەبێ ئەوەی لە ناوچەکانی تر بەکار بێت .

**4- زاری پەتی :**

بـەو زارە دەوتـرێ کـە دەبێتـە شـێوەیەکی فـەرمی ، بەهۆیـەوە نووسـین و خوێنـدن بـەمجۆرە زارە دەبێـت ، هەربۆیەشە هەندێ جار بەم زارە دەوترێت زاری فەرمی .

**5- زاری ڕەمەکی :**

بـەو قسـەو ئاخاوتنانـە دەوترێـت کـە لەسـەر شـە قـام و کۆڵانـەکان و بـازارو ...هتـد بـەکاردێت ، ئـەمجۆرەیان لە ئاخاوتندا شێوەیەکی ڕەمەکی پێوە دیارە ، بەواتایەکی تر لە هە موو جۆرەکانی تری زار نزمترە.

## 6– زمانی ستاندارد و هۆکارەکانی دروستبوونی

**زمانی ستاندارد :**

زمــانی ســتاندارد ئــەو زمانەیــە کــە لــە لایــەن زۆرینــەی نووســەران ، ئــەکادیمیان ، زانایــان ، ڕۆشــنبیران و کــارگێران لــە خوێنــدن و نووســین و زانســت و ئــەدەبیات و بــەڕێوەبردنی کارگێریــدا بــەکاردێت ، هــەر زارێــك لــە نــاو هــەر زمانێکــدا ئــەم دەورانــەی هــەبێت یــا باشــترە بڵــێین بووبێتــە زمــانی شــیعر و ئــەدەبیات ، زمــانی ڕاگەیانــدن ، زمــانی خوێنــدن و زانســت هــەروەها بلاّوکــراوەی هــەبێت و بــەردەوامی لــەم ڕوانــەوە بەخۆیــەوە دیبێت دەبێتە زمانی ستاندارد.

**هۆکارەکانی دروست بوونی زمانی ستاندارد :**

**1-هۆکاری ئایینی :**

بــە هــۆی بلاّوبوونــەوەی بــیرو بــاوەڕێکی ئــایینی یــان کتێبێکــی ئــایینی پــیرۆز لــە ناوچــەیەکداو لــە ئــەنجامی بــلاّو بوونــەوەی ئــەو ئایینــە زمانەکەشــی پــیرۆز دەبــێ و دەبێتــە زمــانی ســتاندار وەك : هاتنــە خــوارەوەی قورئــان بــەزاری ( قوڕەیشــی ) و بلاّوبوونــەوەی ئــاینی ئیســلام بــووە هــۆی ئــەوەی کــە زمــانی قورەیشــییەکان ببێتە زمانی ستاندار .

**2-هۆکاری ڕامیاری:**

بــە هــۆی بــوونی پــارتێکی سیاســی لــە نــاو نەتەوەیەکــدا لــە ناوچــەیەکی ولاّت پەرەســەندنی بــیرو بــاوەڕی ئــەو پارتــەو بــەکارهێنانی شــێوەی ئــەو ناوچــەیە بــۆ نوســین و لــە ئەنجامــدا دەبــێ بــە بنچــینە بــۆ ئــەو زمانــە پەسندکراوە . بۆنموونە لە فەرنسا زمانی پاریس بوو بە زمانی ستاندار.

**3-هۆکاری ڕۆشنبیری :**

بــە هــۆی پەیــدابوونی ئــەدەبێکی بــەرز لــە پــاڵ هەســتێکی نەتەوایــەتی کــە ســەرەتا لــە ناوچــەیەکدا دەســت پێــدەکات و بــلاّو دەبێتــەوە و لــە هــەموو لایــەك پەســند دەکــرێ و لــە نووســیندا لاســایی دەکرێتــەوە تــاوای لێــدێت دەبێتــە زمــانێکی ســتاندار بــۆ نموونــە : زاری لەنــدەن بــە هــۆی کاریگــەری بەرهەمــەکانی (شکســپیر) لە سەدەی شازدەدا بوبە زمانی ستاندارد لە بەریتانیا.

**هۆکاری نەبوونی ستاندەرد لە زمانی کوردیدا .**

وەك ئاشــکرایە کــە تــاکو ئێســتا کــورد زمــانی ســتانداردی نییــە ، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ چــەند هۆکارێــك ، یــەکێك لــەو هۆکارانــە ئەوەیــە کــە کوردســتان دەوڵــەتێکی ســەربەخۆی نییــە و بــە ســەر چــوار دەوڵەتــدا

دابــەش بــووە بۆیــە نــەتوانراوە زمــانی ســتاندار بــۆ هەرچــوار پارچــەی کوردســتان دابنرێــت ، بــەڵام ڕەنگــە پرســیاری ئــەوە بێتــە پێشــەوە خــۆ باشــوری کوردســتان هــەرێمێکی ســەر بەخۆیــەو خــاوەن حکومــەت و پەرلەمانــە دەکــرێ زمــانی ســتاندارد لــە ســەر ئاســتی هــەرێم دیــاری بکــرێ ، بــەڵام وەك دەبیــنین بــە هــۆی کــەم تەرخــەمی لــەم بابەتــەو هەنــدێ کێشــەی سیاســی نــەتوانراوە تەنانــەت لــە هــەرێمی کوردســتانیش زمــانی ستاندارد هەبێ .

## 7- ڕێنووسی زمانی کوردی و گرفتەکانی

لە کوردستان دوو جۆرە ئەلفبێ بەکار دەهێنرێت :

**یەکەم : ئەلفبێی عەرەبی:**

لــە دوای بڵاوبوونــەوەی ئــاینی ئیســلام لــە کوردســتان ، ئــەلفبێی زمــانی عــەرەبی بــوو بــە ئــەلفبێی نووســین ئــەلفبێی زمــانی عــەرەبی لــە بــەر ئــەوەی بەشــی هــەموو دەنگــەکانی زمــانی کــوردی نــەدەکرد ، بۆیــە چــەندین گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە:

لــە یەکــەم هــەنگاودا هــەوڵی ئــەوە دراوە ئــەو دەنگانــەی کــە لــە زمــانی عــەرەبی دا پیتیــان بەرامبــەر نــەبووە لــە زمــانی کــوردی دا پیتیــان بــۆ دروســت بکــرێ وەکــو ( پ ، چ، ژ ، ڤ، گ).دواتــر هــەوڵی ئــەوە دراوە ســێ حەرەکەتەکــەی زمــانی عــەرەبی (فتحــە ، چــمە ، کســرە ) لــە کوردیــدا (ە ، و ، ی) یــان بــۆ دابنــرێ. هــەروەها هەســت بــە قەڵــەوی و لاوازی دەنگــەکانی (ر ، ل) کــرا. وە لــە دەوروبــەری شــەری جیهــانی دووەم ( ˇ ) خرایــە سەر (ۆ) و (ێ) .

**دووەم : ئەلفبێی لاتینی :**

مێــژووی نووســین بــە ئــەلفبێی لاتــینی دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەرەتای ســەدەی بیســتەم . ســەبارەت بــە دامەزرانــدنی ئــەلفبێی لاتــینی لــە نــاوکوردان ڕای جیــاواز هەیــە ، هەنــدێك ئامــاژە بــەوە دەکــەن کــە (لــوتفی فیکــری) دامەزرێنــەری کۆمەڵــەی (کوردســتانی خۆشەویســتان )لــە ســاڵی 1912 هــەوڵی داوە ئــەلفبێی لاتــینی بــۆ زمــانی کــوردی دابنێــت .لەلایــەکی تــر (عەبــدولاَ جــەودەت) لەســاڵ 1913 کــاری بــۆ ئــەم جــۆرە ئەلفبێیــە کــردووە. هــەروەها ئامــاژە بــە هــەوڵی (شــوکری فــەزلی) شــاعیر دەکــرێ لــەدانانی ئــەلفبێی لاتــینی. جگــە لــەم هــەولاَنــە ، لــەپاش دامەزرانــدنی دەوڵــەتی تورکیــای نــوێ ، دەســتەیەك لــە ڕوونــاکبیرانی کــورد بــە نامیلکــە هــەوڵیان داوە ئــەو ئەلفبێیــە لــە نــاو کــوردان بســەپێنن ، ئــەو هەوڵــەش زیــاتر سیاســی بــووە ، نــەك زمانــەوانی

. بەلاَم بەلای زۆربەی شارەزایان ئەلفبێی پرۆفیسۆری کورد (عەرەبی شەمۆ) لەساڵی 1927 لەدیارترین ئەوئەلفبێیانەیە کەبەکارهێنانێکی بلاَوی هەبووەو کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر ئەلفبێی کوردییەوە هەبووە .

**فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە ڕێنووسی عەرەبی و لاتینی:**

زمانی کوردی دوو ڕێنووس بەکاردێنێت ( عەرەبی و لاتینی) . عەرەبی لە لایەن کوردەکانی عێراق و ئێرانەوە بەکاردێت و ڕێنووسی لاتینیش لای کوردەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان و تورکیا و سوریا بەکاردێت . فۆنیمەکانی زمانی کوردی دوو بەشن:

1- نەبزوێنەکان:

فۆنیمە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی ژمارەیان (28) فۆنیمە ، فۆنیمەکان بە پیتی عەرەبی و لاتینی بریتین لە :

| عەرەبی | لاتینی |
|---|---|
| ب | B |
| پ | P |
| ت | T |
| د | D |
| ك | K |
| گ | G |

| | |
|---|---|
| ج | C |
| چ | Ç |
| ق | Q |
| ف | F |
| ڤ | V |
| س | S |
| ش | Ş |
| ژ | J |
| ح | Ĥ |
| خ | X |
| ع | 6 |
| غ | |
| ه | H |
| م | M |
| ن | N |

| | |
|---|---|
| ل | L |
| ڵ | Ĺ |
| ر | R |
| ڕ | Ŕ |
| و | W |
| ی | Y |
| ز | Z |

2- بزوێنەکان :

**بزوێنەکانی زمانی کوردی ژمارەیان (8) فۆنیمە ، کە بریتین لە:**

| عەرەبی | لاتینی |
|---|---|
| ا | A |
| ە | E |
| و | U |
| وو | Ŭ |

| | |
|---|---|
| ۆ | O |
| ی | Ī |
| ێ | Ĕ |
| بزرۆکە | i |

## 8 پلانی زمان و سیاسەتی زمان

- **زمانی دایك و پارێزگاریکردن لێی**

**مـرۆڤ کـە لـەدایك دەبێـت یەکـەمجار بـەگریان پێویسـتیەکانی خـۆی دەردەبڕێـت ، پاشـان وردە وردە فێـری زمـانی دایـك دەبێـت ، کەواتـە ئـەو زمانـەی کـە منـداڵ یەکـەمجار لـە خێزانـی فێـری دەبێـت پێـی دەوترێـت زمانی دایك .**

**بۆئەوەی بتوانین پارێزگاری لە زمانی دایك بکەین پێویستە ئەم خالانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت :-**

1) **هۆشـیارکردنەوەی تاکـەکانی کۆمـەڵ لـە گرنگـی و ڕۆڵـی زمـانی دایـك لـە پاراسـتنی بـوون و کیـانی نەتەوەدا.**
2) **هـەبوونی سیاسـەتی زمـان، وەك بـەزۆریکردنی خوێنـدن بـە زمـانی دایـك لـە هـەموو ناوەنـدەکانی خوێندن.**
3) **بـەکارهێنانی زمـانی دایـك لـە ڕاگەیاندنەکانـدا، بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە، بینـراو ، بیسـتراو ، خوێنراو .**
4) **دامەزراندنی ناوەندی ئەکادیمیا یان کۆڕی زانیاری تایبەت بە زمان.**
5) **دانـانی چـەند لیژنەیـەك بـە مەبەسـتی بـە دواداچـوون بـۆ چـۆنییەتی پیـادەکردنی یاسـای زمـان لـە سەرتاسەری ولاّتدا.**

6) هەوڵبدرێت لە تەکنەلۆژیاکانی سەردەمدا زمانی دایك بەکاربهێنرێت.

## بەشی سێیەم / ئەدەب

### یەکەم –مێژووی ئەدەبی کوردی

مێژووی ئەدەب بریتیە لە هەوڵدان بۆ گەڕان و پشکنین بە دوای دەقی کۆنی ئەدەبی و بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی هەر میللەتێك.

لە ئەدەبی کوردیشدا چەند نوسەرێك چەند بەشێکی گرینگیان لە مێژووی ئەدەبی کوردی نوسیوەتەوە ، لەوانە ئەمین فەیزی بەگ ، ڕەفیق حیلمی ، عەلائەدین سەجادی ، سەدیق بۆرەکەیی ، دواجار د.مارف خەزنەدار. وەبەپێی زۆربەیان سەرەتای ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی دەیەم .

### جۆرەکانی ئەدەب

یەکەم//-**ئەدەبی سەرزاری (فۆلکلۆر)**؛ یەکەم شێوەی ئەدەبە و لەگەڵ پەیدا بوونی ئادەمیزاد سەری هەڵداوە، بەرهەمی چینی نەخوێندەوارە و خاوەنەکەی دیار نییەو ناناسرێت، وە بەشێوەی پشتاوپشت گێڕدراوەتەوە.

سەرەتای ئەدەبی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر، بەلاّم چونکە تۆمار نەکراوە بۆیە بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی فەوتاوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەموو کەلەپورو سامانی کۆن دەگوترێت کە بەدرێژایی مێژوو داهێنراوەو ماوەتەوە.

### گرینگی و بەهای فۆلکلۆری کوردی و ڕۆڵی لە بونیادی شارستانی کورددا

1-فۆلکلۆر سامانێکی گەورەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی حەکایەت و مەتەڵ و...هتد لە خۆدەگرێت ، ئەمانەش جگە لە بەخشینی وانەو پەندی جۆراو جۆر بە نەوەی نوێ ، چێژێکی ڕۆحی خۆشیشی پێدەبەخشێت .

2-دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە کۆندا ڕۆشنکەرەوەی ڕێگا بوونە ڕاستەوخۆ خەڵکیان بەرەو ئامانجە بالاّکان ئاڕاستەکردوە .

**بەشەکانی فۆلکلۆر:**

**1-ئەفسانە :**

**کۆمــەڵێك حیکایــەتی کــۆنن ، هــەموو شــتەکانی ناویــان لــە ( پاڵــەوان ، کەرەســە ، کــات ، شــوێن ، ڕووداو ) ئەفسانەیین و ڕاستەقینە نین .**

**2-حەکایەت یان سەربردە (سەرگوزەشتە)**

**کۆمــەڵێك ڕووداوی ڕاســتەقینەن ، خــەیاڵ لــە دارِشــتنەوەیاندا ڕۆڵ دەبینێــت ، لــە چــوار چــێوەی ئەقڵــدان ، مــرۆڤ کــە دەیانبیســتێت ، دەزانــێ کــە ئــەو شــتانەی بیســتنی ڕاســتن ڕوویانــداوە . ئــەوانیش دوو جــۆرن هەیانــە بــە زمــانی گیانــداران گوزارشــت دەکــەن ، هەشــیانە بــە زمــانی مرۆڤــەکان گوزارشــت دەکــەن وەك حیکایــەتی پاشاکان .**

**3-پەندی پێشینان (قسەی نەستەق)**

**ئەمانــە پوختــەی بــیرو ئــەزموونی مــرۆڤن ، هــەموو بوارەکــانی ژیــان لــە کۆمەلآیــەتی و سیاســی و ئــابوری و کشــتوکاڵ و ئــاین و ....هتــد دەگرنــەوە . گرنگــی ئــەو پەندانــە لەوەدایــە هەریەکــەو دوای ئــەزموونێك دروست بووە و دوو جۆریشی هەیە :**

**أ- ڕستەیەکی سادەی واتادارە وەك : هەر ئەقڵەك لە خەسارەکی .**

**ب- دێرە شیعرێك وەك : ئازار بە ئازار دامەمرکێنە**

**بشڕەنجێی دڵی کەس مەڕەنجێنە**

**4-نوکتە :(گاڵتەوگەپ)**

**ئەمانــە کۆمــەڵێك حیکایــەتی کــورتن ، شــێوازێکی کۆمیــدییان هەیــە ، مەبەســتیانە واقیعێکــی خــراپ لــە ڕوویێك لە ڕووەکانەوە زەقتر بکەنەوە ، زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە .**

**5-مەتەڵ :**

کومەڵێك ڕستەو پەڕەگرافی پرسیار ئامێزن ، بە ڕەمز باس لە شتێك دەکەن ، دواتر دەپرسن ئەو شتە چییە ؟ ئەوەش لە کۆنداو ئێستاش گرینگی تایبەتی هەبووەو هەیە . نموونە : بە پڕی نیوەیەو بە نیوەیی پڕە ؟ وەڵام : ( مانگ) .

**6-گۆرانی :**

ئەمانە شیعرن لە کۆندا پێیان دەگوت (گۆرانی) چونکە لە کۆندا نوسین نەبووە شاعیرەکە وەکو گۆرانی پێشکەشی کردوون بەڵام لە سەردەمی نوێ پێی دەگوترێت شیعر ، چونکە شاعیر شیعرەکە دەنووسێت ، لە پاشان گۆرانیبێژێك دێت شیعرەکە دەکاتە گۆرانی .

**دووەم/ ئەدەبی نووسراو:**

ئەو هونەرەیە کە لە ڕێگای نووسین و چاپە وە بڵاوکراوەتەوە و ئەدەبێکی تاڕادەیەك بەرزەو خاوەنەکەی دیارە. ئەدەبی نوسراو ( شیعرو پەخشان ) دەگرێتەوە .

**یەکەم / شیعر :**

دەربڕینێکی کێش و سەرواداراە کە خەیاڵ و سۆزو بیر لە داڕشتنیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن .

**جۆرەکانی شیعر**

یۆنانییەکان شیعریان بۆ چوار جۆر دابەش کردبوو :

**1-شیعری گۆرانی / لیریك**

یەکەمین جۆری شیعرە و لە دڵ و دەروون و ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و لە گەڵ ئامێرێك دەگوترا پێیان دەگوت (لیر) ئەم جۆرە شیعرە سۆزیکی خەستی تێدایەو شاعیر هەستە پەنگخوراوەکانی لە گەڵ دەردو مەینەتییەکانی دەردەبڕێ .

**2- شیعری داستانی / ئیپیك**

شیعرێکی چیرۆك ئامێزە ، پشت بە شێوازی گێڕانەوە دەبەستێت سەرگوزشتەیەك دەگێڕێتەوە ، وێنەی قارەمانیەتی و ئازایەتی مرۆڤ نیشاندەدات وەك داستانی ( ئەلیادەو ئۆدێسا) و (گلگامێش) ...هتد. و دەبێتە دوو جۆر :

أ- قارەمانێتی : باس لە ئازایەتی دەکات وەك : (قەلأی دمدم)

ب- دڵداری : باس لە دڵداری دەکات وەك : (مەم وزین)

**3- شیعری درامی /**

دراما لاسایی کردنەوەی کردارە لە شانۆ ، کارو جوڵەی تێدایەو ڕووداوەکان بەشێوەی گفتووگۆ دەنوسرێن و لە سەر شانۆ پێشکەش دەکرێن . دراما دوو بەشە :

أ- کۆمیدیا : گاڵتە پێکردنێکی ڕەخنەگرانەیە گفتوگۆ تێیدا سادەو رەوانە کەسەکانی چینی نزمی کۆمەڵن .

ب- تراژیدیا : ڕووداوێکە ترس و بەزەیی بەخشە ، بەمەرگ یان بە ڕووداوێکی ناخۆش کۆتایی دێت ، ئاستی گفتوگۆ بەرزەو کەسەکان چینی بەرزی کۆمەڵن .

**4- شیعری فێرکردن /**

بە مەبەستی ئاسانکردن و فێرکردن بەکاردێت واتا ئەو شیعرانەی کە پەروەردەیی و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خەڵك دەکەن . نەوبەهاری ئەحمەدی خانی و شێخ مارفی نۆدەیی ئەم جۆە شیعرەیان نووسیوە.

**دووەم / پەخشان :**

قسەیەکی گەیەنەرە و زمانی ئەقل و ژیرییەو دورە لە کێش و سەروا .دەبێتە دوو جۆر :

**1-پەخشانی زانستی :**

ئەم جۆرە پەخشانە ڕاستییەکانی زانست دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێویستی بە هەڵبژاردنی وشەو دارشتنی جوان و خەیاڵ و ڕەوانبێژی ناکات ، نووسەر لە کاری دەروونی خۆی بە دوور دەگرێ و زاراوەکانیش دەبێت فرەواتایی و تەمومژاوی نەبن و واتایان ئاشکرا بێت و لە لایەن زانایانەوە پەسند کراوبێت. وەك ( فیزیا و کیمیاو ئاین و مێژوو و جوگرافیا و ئەندازە و کشتوکاڵ و...هتد.

**2- پەخشان ئەدەبی (هونەری):**

سەر بە ئەدەبە لە نووسینی سیاسی یان ئابوری یان هەواڵی ڕۆژنامە بەکاردێت . بە شێوەیێکی ئەدەبی بەرز و ، داهێنانێکی گەورە دەنووسرێت ، کە لە دارشتندا پوخت و لە بیرو لێکدانەوەدا بە سۆزو هەست

بزوێنــه، نووســەر قــوڵایی دەروونــی خــۆی دەردەبــڕێ لــە تیروانــین و ســەرنجی تایبــەتی خۆیــەوە دەڕوانیتــە ژیان و کۆمەڵ و سروشت .

**جۆرەکانی پەخشانی ئەدەبی :**

**1-وتار :**

نووســـینێکی ئەدەبییـــە لاپەڕەیـــەکی دیـــاریکراو لـــە ژیـــان دەگرێتـــە خـــۆی و بابـــەتێکی تەســـکی ژیـــان لێکدەداتــەوەو چــەند جۆرێکــە وەك : کەســی ، کۆمەڵایــەتی ، ڕەخنــەیی ، زانســتی . یەکــەم وتــاری ئــەدەبی لــە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) ی ( میقداد مەدحەت بەدرخان ) لە ساڵی 1898 نووسرا .

**2-چیرۆك :**

گێڕانــەوەی چــەند ڕووداوێکــی یــەك لــە دوای یەکــە ، بەســەر چــەند کەسێکی جیــاوازدا تێپــەڕدەبێت .لــە ڕووی ناوەڕۆکەوە دوو جۆری هەیە :

أ- چــیرۆکی واقیعــی (ڕاســتەقینە) : هــەموو ڕووداوێکــی ژیــانی کۆمەڵایــەتی دەشــێت ببێتــە بابــەتێکی ئەم جۆرە چیرۆکە .

ب- چیرۆکی خەیاڵی : ڕووداوەکانی ئەمجۆرە چیرۆکە لە سەرووی توانای مرۆڤن و دوورن لە راستی .

وە لە ڕووی ڕوخسارەوەش چەند جۆرێکی هەیە :

أ- چـیرۆکی درێـژ / لـە ڕۆمـان کـورترەو لـە کورتـە چـیرۆك درێـژترە دەشـێت لاپـەڕەکانی لـە نێـوان پـازدە یــان بیســت ســی لاپــەڕە دابــن ، کەســایەتی و ڕووداوەکــانی لــە هــی کورتەچــیرۆك زۆرتــرو لــە هــی ڕۆمانیش کەمترە ، بۆیە هەندی کەس پێی دەڵێن (کورتە ڕۆمان ) .

ب- کورتــە چــیرۆك / یــەك ڕووداو لــە خــۆ دەگرێــت ، کەسـێتییەکانی لــە ســێ یــان چــوار تێناپــەڕن و، هەندیجاریش تەنها یەك کەسە .

ت- کورتیلــە چــیرۆك / فــۆرمێکی دیکــەی هونــەری چــیرۆکە ، لــە ڕووی داڕشــتن کــورتترە لــە کورتــە چیرۆك.

**3- ڕۆمان :**

هونـــەری گێڕانـــەوەی زیرەکانەیـــە ، ڕووداوی زۆرو جـــۆراو جـــۆر لـــە خۆدەگرێـــت ، کـــە لـــە نێوانیانـــدا پەیوەندییـــەکی ڕوون یـــان نادیـــار هەیـــە ، کەســـێتییەکی ســـەرەکی و چـــەندین کەســـی لاوەکـــی هەیـــە یـــانیش دەشێت چەندین پاڵەوانی هەبێت .

**4-نامە :**

بریتییـە لـە نامـەی کەسـی کـە یـەکێك بـۆ ئـەوی تـری دەنوسـێت ، لـە کۆنـدا لای پاشـاو میرەکـان بـەکارهاتووە . وشـــەی ئـــەدەبی جـــوان و ســـەرنج ڕاکـــێش بـــەکاردەهێنرێت لـــە گـــەڵ فراوانبـــوونی خوێنـــدن و زۆربـــوونی خوێـــدەوارانیش دیـــارە زۆرتـــر بـــەکاردێت ، بۆیـــە لـــە هـــەموو ولآت وشـــارو شارۆچـــکەکان فەرمانگـــەی پۆســـت دانراوە .

**5- ژیاننامە :**

وەرگێڕانـــی ژیـــانی مرۆڤێکـــە لـــە میانـــەی خســـتنە ڕووی وێنەیـــەکی ڕاســـتگۆو پڕشـــنگداری ژیـــانی خـــۆی . دوو جۆری هەیە :

أ- ژياننامەی خودی : کە نوسەر تەنها باسی ژیانی خۆی دەکات .

ب- ژياننامەی بابەتی : نووسەر باسی کەسێکی تر دەکات .

**6- خوتبە :**

بریتییـــە لـــە هونـــەری قســـە کـــردن لـــە پێنـــاو قـــایلکردن و کـــارتێکردن بـــەکاردەهێنرێت چـــەند جۆرێکـــە وەك : ئامۆژگاری ، ئایینی ، ڕامیاری ، فێرکردن ، دادگەری .....هتد.

**7-شانۆگەری:**

چیرۆکێکە بۆ نواندن ئامادەکراوە یان دەقێکی نمایشکراوە کە ڕووداو و کات و شوێن ڕۆڵی تێدادەبینێت .

## بەشی چوارەم / مێژوو

**- کوردناسی چەمك و واتاكەی**

**کوردناسـی وشـەیەکی لێکـدراوە کـە لـە نـاوی کـورد (وەك گـەلێك) و قـەدی چـاوگی (ناسـین) پێکهـاتووە ، وە هـەموو نوسـراو و توێژینـەوە زانسـتیەکان دەگرێتـەوە کـە لـە سـەر هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی کـورد وەك (زمان , ئەدەب , مێژوو , ئاین و کلتور و...هتد) نوسراوە و بلاّوکراوەتەوە بە ئامانجی ناساندنی کورد.**

**- مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد**

**زۆربـەی سەرچـاوەکان لـە سـەر ئـەوە کـۆکن کـە کـورد نـەوەی نەتـەوەکانی زنجـیرە چـیاکانی زاگرۆسـن ، ئەوانەی لە هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون .**

**1-نەژادی کورد لە دیدی ڕۆژهەلأتناسان و مێژوو نوسانی کورد**

**بیروبۆچـونی ڕۆژهەلأتناسـەکان لـە بـارەی نـەژادی کـورد لـە یـەك ناچـێ و لـە سـەر زۆر شـت نـاکۆکن . بـۆ نموونـە نـەژادی کـورد بـە بۆچـونی ڕۆژهەلأتناسـی فەڕەنسـی ( ژۆزێـف پیتـۆن ) دەگەڕێتـەوە سـەر خالدییـەکان ، کەچـی بـەڕای (گـالان ) کـە ئـەویش هـەر فەڕەنسـییە دەگەڕێتـەوە بـۆ فارسـەکان ئەمـە لـە کاتێکـدا ڕۆژهەلأتناسـی دیکـەی وەکـو فرێـزەری ئینگلیـز کاردۆخـەکان بـە بـاپیرە گـەورەی کـورد دادەنێـت . هەرچی مێژوو نوسانی کوردیشە ئەوا**

**(محمد ئەمین زەکی) لە کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان) ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ**

**1- دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس** ، کە نەتەوەکانی (لولو ، کوتی ، کورتی ، جوتی ، جودی ، کاسای سوباری ، خالدی ، میتانی ، هوری ، نایری) دەگرێتەوە ، ڕەچەڵەکی کۆنی کوردانن.

**2- چینی هیندۆ ئەوروپییەکان** کە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان لە سەدەی (10پ.ز) لە کوردستان نیشتەجێبوون لەگەڵ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کە بریتیبوون لە (میدییەکان و کاردۆخییەکان) و نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە.

### ج- دانیشتوانی کۆنی کوردستان

**ا-هۆزەکانی کۆنی کورد**

لــه كوردســـتانی كۆنـــدا چــەندین دەوڵــەت و ئیمپراتۆریــەتی دیـــار هەڵكــەوتوون لەوانـــەش : لۆلۆییـــەكان ، گۆتییـــەكان ، میتانییـــەكان ، كاشـــییەكان ، هــەروەها میدیـــەكانیش لـــه میللـــەتانی بـــه ناوبـــانگی كوردســـتانی كـۆنن و لـه سـەرەتا دا ، تـا ماوەیـەكی درێـژ هـەر لـه سـەر شـێوەی هـۆزو تـیرە ی بچـوك دەژیـان ، بـەڵام لـه سـەدەی حەوتـەمی پـێش زایـن یـەكێك لـه سـەركردەكانیان كـه نـاوی (دیـاكۆ) بـوو تـوانی یـەكیان بخـات و دەوڵــەتێكی بــە هێــز دابمــەزرێنێ و شــاری ئــەكباتانا (هەمــەدانی ئێســتا ) بكاتــه پایتــەختی دەوڵەتەكــە . ماددەكـان لـه سـاڵی (612پ .ز) دا بـه سـەركردایەتی كـەی خسـرەو (كیاكسـار) بـه هـاو پـەیمانێتی لەگـەڵ كلدانییـــەكانی بابـــل هێرشـــیان كـــردە ســـەر (نەینـــەوا) ی پایتـــەختی ئاشـــورییەكان و كۆتاییـــان پێهێنـــان . ســـنووری دەوڵـــەتی ماددەكـــان لـــه ســـەردەمی كەیخســـرەو هـــەموو كوردســـتانی گرتـــەوە لـــه ســـاڵی (550 پ.ز) ئەخمەنییەكان ئیمپراتۆریەتی مادەكان دەڕوخێنن و ئیمپراتۆریەتی ئەخمەنی ڕادەگەیەنن.

**دووەم : سەرەتاكانی پەیوەندی كورد بە ئاینی ئیسلام**

**⭑جابانی كورد**

جابـان نـاوی ڕەسـەن و دروسـتی گاوانـه ، كـه بـه ڕەچـەڵەك كـوردەو خـەڵكی ناوچـەی شـارەزوورە . لـه سـەردەمی ئیسـلامدا موسـڵمان بـووەو بۆتـه یـەكێك لـه هـاوەڵانی پێغەمبـەر(د.خ) ، واتـا لـه سـەردەمی پێغەمبـــەردا ژیـــاوەو بەشـــداری كـــۆڕو كۆبونـــەوەكانی كـــردووەو فـــەرمودەی لێ وەرگرتـــوەو فـــەرمودەی گێڕاوەتـەوە ، بەهـەمان شـێوە كوڕەكەشـی بـه نـاوی مـەیمون وەك( ڕاوی)یـەكی فـەرمووده ناوبـانگی زۆری هەبووە .

**⭑ فەتحكردنی كوردستان له سەردەمی خەلیفه عومەری كوڕی خەتاب**

ئـــەو دەمـــەی ئـــاینی ئیســـلام دەركـــەوت ، پرۆســـەی فـــەتحی ئیســـلامی دەســـتپێكرد، زۆربـــەی ناوچـــەكانی كوردســـتان بەشـــێك بـــوون لـــه دەوڵـــەتی ساســـانی و ناوچـــه شـــاخەویەكانی كوردســـتان هـــەر لەلایـــەن دانیشـتوانەكانیانەوە بـەڕێوەدەبران. لـه سـەردەمی دووەم خەلیفـەی ڕاشـیدی عومـەری كـوڕی خـەتاب (13-24ك/ 634-644ز)، عەرەبـــه موســـڵمانەكان بـــەنیازی جیهـــاد و بڵاوكردنـــەوەی ئـــایینی ئیســـلام ســـنوری نیمچـه دورگـەی عـەرەبییان بەزانـد و بـه هەرێمـەكانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا پـەلیان هاویشـت و لـه خـاكی عێراقەوە گەیشتنە كوردستان.

ئــەوەبوو لــە درێــژەی شــەڕ و پێکدادانــەکانی نێــوان ساســانیەکان و عەرەبــە موســڵمانەکان لــە ســەردەمی خەلیفــە عومــەر و شکســتی لەشــکری ساســانی لــە شــەڕەکانی قادســیە و مــەدائین لــە ســاڵی ( 16ك/637ز )، پاشمــاوەی لەشــکری ساســانی پاشەکشــێیکرد و بــۆ پشــودان و خۆڕێکخســتنەوە لــە شــارەدێی جەلــەولا گیرسـایەوە، لێــرە بــەدواوە دەڤــەرە کوردنشــینەکانی ســەر ســنوری عێــراق بوونــە گۆڕەپــانی شــەڕ و چــەندین شــەڕی گــەورە لــە کوردســتان ڕوویانــدا، کــە لــە بــەناوبانگترینیان شــەڕی نەهاوەنــدە لــە ســاڵی( 21ك/ 642ز )دا، لــە بــەرگرنگی و بایــەخی ئــەم شــەڕە ناویاننــا (فــتح الفتــوح) چــونکە ساســانییەکان هــەرگیز نــەیانتوانی بۆجــارێکی تــر بــەر بــە عەرەبــەکان بگــرن و دەروازەی ولاٌت بــە ڕوویانــدا والآبــوو ، لــە ماوەیــەکی کەمــدا تــەواوی خــاکی کوردســتان کەوتــە ژێردەســتی عەرەبــە موســڵمانەکان و ولاٌتەکــە بــووە بەشــێك لــە قەڵــەمڕەوی خەلافەتی ئیسلامی.

## -کوردستان لە ململانێی ولاٌتانی هەرێمیدا

هەر لە کۆنەوە کوردستان ببوە شوێنی ململانێی نێوان دەوڵەتە هەرێمییەکان بەتایبەتیش دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی ، هۆکاری سەرەکی ئەم ململانێیەش کە زیاتر لە سێ سەدەی خایاند ئەوەبوو هەردوولا چاویان بڕیبوە کوردستان بۆ ئەوەی داگیری بکەن ، سەرەتای ئەم ململانێیەش لە جەنگی چاڵدێران دەست پێدەکات :

### شەڕی چاڵدێران

لــە ســاڵی 1514 لــە نێــوان عوسمانییــەکان و ســەفەوییەکان ڕوویــدا، لەشــکری عوسمانییــەکان بــە ســەرکردایەتی ســوڵتان ســەلیمی یەکــەم و لەشــکری ســەفەوییەکانیش بــە ســەرکردایەتی شــا ئیســماعیلی ســەفەوی بــوو لــە (23) ی ئــابی 1514 لــە دەشــتی چــاڵدێران بــاکووری ڕۆژئــاوای دەریاچــەی (ورمــێ) لەســەر خــاکی کــوردان ڕووبــەڕووی یــەکتر بوونــەوە ، بەســەرکەوتنی عوسمانییــەکان کۆتــایی پــێ هــات. دوای ئــەم شــەڕە بــۆ یەکــەم جــار کوردســتان لــە مێــژوودا دابەشــکرا ،بەشــی ڕۆژهــەلاٌتی لــە ژێــر دەســەلاٌتی دەوڵــەتی سەفەویدا مایەوە و بەشە زۆرەکەی تریشی کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکان .

لــە دوای ئــەم جەنگــە ، شــەڕو ململانــێ لــە نێــوان ئــەم دوو دەوڵەتــە دەســتی پێکــرد و لــەو ماوەیەشــدا هەندێجار پەنایان دەبردە بەر ڕێکەوتننامە لەوانە :

**ڕێکەوتننامــەی ئاماســیا** 1555 کــە بــە یەکــەم پەیماننامــە دادەنــرێ لــە نێــوان عوسمانیــەکان و صــەفەوییەکان ، لە دوای ئەمە دووبارە جەنگ سەری هەڵدایەوە تا دیسان پەیماننامەیەکی تریان مۆرکرد بەناوی

**پەیماننامەی زەهاو 1639** لە نێوان سوڵتان موورادی چوارەمی عوسمانی شا صەفی ئێران کە کوردستان لەنێوان هەردوولا دابەشکرا.

## کورد لە کۆنگرەو پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا :

1-**پەیمانی سایکس بیکۆ**: ئەو پەیمانە لە ساڵی 1916 لە نێوان ( بەریتانیا و فەرەنسا ) بوو ، بە پێی ئەم پەیمانە کوردستان بەسەر چوار وڵات دابەش کرا، بەشی هەرە گەورەی کوردستان بەر وڵاتی تورکیای تازە دروست کراو کەوت، بەشێکی تریشی خرایە سەر سوریا و بەشەکەی تریشی کە بریتیبوو لە ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق و بەشی ڕۆژهەڵاتیشی بەر ئێران کەوت.

2-**پەیمانی سیڤەر**: ئەم پەیمانە لە 10ی ئابی ساڵی 1920 لە شاری سیڤەر لە فەرەنسا لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هێزە هاوپەیمانەکان (ئینگلتەرا و فەرەنساو ئیتالیا) مۆرکرا . بە پێی ئەم پەیمانە ناوچەی حیجازو ئەرمینیاو کوردستان پێویستە لە دەوڵەتی عوسمانی جودا ببنەوە و سەربەخۆبن . ئەم کۆنگرەیە لە 433 مادە پێکهاتبوو ، لەم مادانە سێ مادەی تایبەت بوون بە کوردستان کە ئەویش مادەکانی 62،63،64 . لەم سێ مادەیە بەڵێنی دەوڵەتی کوردی دەدرێت لە ناوچەی باکوری کوردستان کە لە ماوەی ساڵێك پێویستە جێبەجێ بکرێت .

3-**پەیمانی لۆزان** : 24ی تەموزی 1923 لە نێوان هاوپەیمانەکان و تورکیا ئیمزا کرا . بەندی 38و 39 تایبەت بووە بە کێشەی کورد . بە پێی ئەم بەندانە حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات پارێزگاری هەموو دانیشتوان بکات لە لایەنی گوزەران و سەربەستییان بەبێ جیاوازی لە ڕەگەزو زمان و ئایندا هەروەها تەگەرە نەخاتە بەردەم هاوڵاتیانی تورکیا هەرچی زمانێك بێت لە کاروباری بازرگانی و ...هتد بەڵام پەیمانی لۆزانیش وەکو پەیمانی سیڤەر تەنها وەك مەرەکەبی کاغەز مایەوەو جێبەجێ نەکرا .

## -کۆماری کوردستان لە مهاباد

کۆماری مەهاباد لە22ی کانونی دووەمی 1946 بە سەرۆکایەتی قازی محمد دامەزرا. لەگەڵ ئەوەی ئەم کۆمارە کەمتر لە ساڵێکی خایاند ، بەڵام چەند کارێکی گرینگی ئەنجامدا لەوانە بۆ یەکەمجار زمانی کوردی بە زمانی فەرمی ناوچەکە ناسێنرا ، هەروەها چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەردەچون .دواجار ڕژێمی ئێران بە یارمەتی ئەمریکاو بەریتانیاو ڕوسیا توانی شاری مهاباد داگیر بکات و لە 17ی 12ی 1946 کۆمارەکە بڕوخێنن و قازی محمدو هەڤاڵەکانی لە 1947/3/3 لە گۆڕەپانی چوارچرا لە مهاباد لە سێدارە بدەن .

**جینۆساید**

**جینۆسـاید، وشـەیەکی لێکـدراوە، لـە بنـە ڕەتـدا لـە دوو وشـە پێکهـاتووە، یەکـەمیان یۆنانییـەو دووەمـیش لاتینییـە ( Genos ) واتـای ڕەگـەز یـان خێـڵ یـاخود بنەچـە و ڕەچـەڵەك دەگەیـەنێ ، بەشـەکەی تـریش ( Caederی لاتینییـە کـە واتـای کوشـتن و لـە نـاوبردن دەدات . بەلێکدانـەوەی هـەردوو بڕگەکـە واتـای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ بە کۆمەڵ و قڕکردنی دێت . جۆرەکانی جینۆساید بریتین لە :**

## 1-جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی)

**ئەمـە ئاشـکراترین و سـادەترین شـێوازی جینۆسـایدە . کـە بـە کوشـتن ، لەسـێدارەکان ، گوللـەباران کـردن و زینـدە بەچـاڵ کـردن یـاخود بـە هـەر ڕێگایـەکی تـر لـەناوبرێن ، ئـەم جـۆرە قڕکردنـە وەك لـە هێرشـە سـەربازییەکان و بـە بـەکارهێنانی ئامرازەکـانی لـە نـاوبردنی وەك چـەکی کیمیـاوی و گـازی ژەهـراوی و چـەکی فسـفۆری ئـەنجام دەدرێـت یـاخود بـە گولـەبارانکردن لـە سـێدارەدانی بـە کۆمـەڵ و زینـدە بـە چاڵکردندا خۆی دەبینێتەوە .**

## 2- جینۆسایدی بایۆلۆژی

لێـرەدا مەبەسـت دروسـتکردنی رێگـریە لە زیـادبوون و پەرەسـەندنی گروپێـك، رێـگە گـرتن لە وەچەنـانەوە لەرێگـای نەزوککردنـی پیـاوان یـان منـداڵ لەبـاربردنی ژنـان یـاخود جیـاکردنەوەی ژنـان لە پیـاوان بـۆ مـاوەیەکی دوورودرێـژ، وەك ئەوەی لە جینۆسـایدکردنی هەشـت هەزار کەس لە پیـاوانی بـارزانی لە سـاڵی 1983 ئەنجامـدرا. هەروەهـا جیـاکردنەوەی ژن و منـداڵە ئێزدییەکـان لە پیاوەکانیان لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن (داعش) ەوە.

## 3- جینۆسایدی کلتوری

مەبەسـت لەم جـۆرە قەدەغەکردنـی بەکارهێنـانی زمـانی نەتەوەیـی، شـێواندنی مێـژوو و رۆشـنبیری و لەنـاوبردنی خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیەکانی نەتەوەیەکە، جـگە لەمەش تێکـدانی پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکـان و وێرانکردنـی شـوێنەوارە دێرینەکـان دەگـرێتەوە وەکـو رووخانـدنی پەیـکەر و ئەشـکەوت و مۆزەخـانە و گەرمـاو و مـزگەوت و کڵێسـا و بـازار و هەمـوو شـوێنەوارێک کە پاشـماوەی کـۆن یـان نـوێ بێـت و بەرهەمـی جـۆری ژیـانی ئەو خەڵـکە بێـت. یەکێـک لە نمـوونە دیارەکـانی ئەم جـۆرە جینوسـایدە لە تورکیـای سـەردەمی ئەتاتورکـدا دەبینـین کە ئەویـش خـۆی لە قەدەغەکردنـی زمـان، جلـوبەرگ و نـاوە کوردییەکانـدا دەبینـیەوە، بە جۆرێـک کە نکـۆڵی لە بـوونی کـورد لەو وڵاتە کـرا و بە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵـی توانـدنەوەی درا ئەم بـارە بە جۆرێـک لە جۆرەکان تا ئێستاش لەو وڵاتە بەردەوامی هەیە.

### 4-جینۆسایدی ئابوری

ئەم جۆرەیـــان لە ڕێگـــای وێرانکردنـــی بنەمـــا ئابوورییەکـــانی خەڵـــکەکە دەکرێـــت، وەك لەنـــاوبردنی ســـامان و بەروبـــومی سروشـــتی و تـــاڵانکردنی مـــاڵ و کەلـــوپەلی خێزانەکـــان، یـــان گەمـــارۆدانی گروپێـــك لە رووی ئـــابووری و برســـیکردنیان، کە هۆکـــارن بـــۆ لەنـــاوبردنی ناڕاســـتەوخۆ.کە زۆرجـــار لەنـــاوبردنی بنەمـــا ئابوورییەکـــان نـــاوچەیەک یـــان برســـیکردنی خەڵکێـــک ناچاریـــان دەکـــات ئەو نـــاوچەیە چـــۆڵبکەن کە لە بنەڕەتیشـــدا مەبەســـتەکە ئەوە بـــووە. نمـــوونەی لەو جـــۆرە لە مێـــژووی مرۆڤایەتیـــدا زۆرە. وێرانکردنـــی ٤٥٠٠ گونـــدی کوردســـتان لەســـەر دەســـتی بەعســـییەکان لە بیســـت و پێـــنج ســـاڵی کۆتـــایی ســـەدەی بیســـت نمـــوونەیەکی بەرچـــاوی ئەم جـــۆرە جینوســـایدەیە. هەروەهـــا تەســـفیرکردنی کـــوردانی فەیلـــی بـــۆ ئێـــران و دەســـتگرتن بەســـەر موڵـــک و ماڵەکانیـــان لە کاتێکـــدا کە فەیلیەکان بەشێکی زۆری ئابووری شاری بەغدایان بەدەستەوە بوو.